کوردستان...ئامارەکانی کوشتنی ژنان ترسناکن و بەردەوامیش لە زیاد بوونداn



ئەمە شەمە، رێکخراوەکانی ژنان، رایگەیاند: لەسالی ڕابردوودا 48ژن کوژراون، هەربەپێی ئامارەکە زەرترین ئەو ژنانەی کەکوژراون لەشاری هەولێربوون کە 19 ژن بووە و بەدوای ئەویشدا پارێزگای سلێمانی دێت، کە 18 ژن کوژراون.

لە کۆنگرێیەکی رۆژنامەوانیدا لە سلێمانی بۆشک لە رێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵی مەدەنی و کۆمەڵایەتی، ئامارە نا فەرمییەکانی کوشتنی ژنانیان لە ساڵی رابردودا بەاوکردەوە و رایانگەیاند، ئامارەکانی کوشتنی ژنان ترسناکن و بەردەوامیش لە زیاد بوونان.

لەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەدا کە راگەیەندراوی ژمارەیەک لە رێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵی مەدەنی و کۆمەڵایەتی تیایدا خوێنرایەوە، ئاماژە بۆوە درا، لە ساڵی 2024دا 48 حاڵەتی کوشتنی ژنان لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە و تەنیا لە کەمتر لە دوو مانگی ساڵی نوێشدا لە هەرێم 8 ژن کوژراون.

هاوکات، کەمپینی دژ بە کوشتنی ژنان ڕادگەیەنراو داواش لە لایەنە بەرپرسیارەکان کرد تاوانبارانی

کوشتنی ژنان بۆ سزای یاسایی خێیان بگێڕنن و دادگایێکی تایبەتمەند بەم پرسە دابمەزرێنرێت.